Digitally signed by www.kurdistannet.org
cn=www.kurdistannet.org, o=Kurdistan Net, c=US
Date: 2002.09.03 01:35:36 +01'00'
Reason: <none>
Kurdistan Net Neti Hemwane

# سەرابی جۆهانسبیرگ

**بۆتان تەحسین**

پێش چەند رۆژێک لە شاری جۆهانسبیرگ کۆنگرەی زەمین بە بەشداری پتر لە هەڤدە هەزار کەس دەستی بەکارەکانی خۆی کرد، دروشمە سەرەکییەکانی ئەم کۆبوونەوەیە وەک ئاژانسەکانی هەواڵ باسیان لێوە کردووە بریتی بووە لە نەهێشتنی هەژاری و کەم کردنەوەی رێژەی نەخوێندەواری و سنوردانان بۆ بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و پەتای کوشندە و پاراستنی ژینگە.هاوکاتیش لەگەڵ بەرێوەچوونی پرۆگرام و بەرنامەی کۆنگرەکە، هەڵمەت گەلێکی بەرفراوان و ژمارەیەک خۆپیشاندان هاتنە ئەنجام دان و لە پەراوێزی گفتوگۆ و باسەکانی کۆنگرەدا چەند ئامارێکی نا ئومێدبەخش کەوتە بەردید و نیگای میدیاکان، هەر هەموو باسەکان دەربڕی سەرەداوێک بوون بۆ کارەساتی وەیشومەدار کە لە چاوەڕوانی مرۆڤایەتیدا بێت.هەندێ لە راپۆرتەکان دەڵێن، لە (١٥ تا ٢٠)ساڵی ئایندەدا(٣) ملیار کەس گرفتی دەستەبەری ئاوی پاکیان دەبێت.لەبارەی ئایندەی ژینگەش راپۆرتەکان هۆشداری ئەوە دەدەن کە ئەگەر کێرڤی پیس بوونی ژینگە بەریتمی ئێستا بەرەو ژوور هەڵکشێت، ئەوا چارەنووسێکی شووم لە چاوەڕوانی مرۆڤایەتی دایە لەنێو جەرگەی خستنەڕووی نیشانە مەترسیدارەکاندا، هێشتاش وڵاتانی پیشەسازی لەسەر ئەوە کۆک نین کە پەسەندی ئەو بنەمایانە بکەن لە رێگەیەوە ریشەکێشی ئەو گرفتانە بکەن کە هەڕەشە لە بەشێکی زۆری زەمین دەکات، لێرەش لایەنی هاوکێشەکە بە روونی دەردەکەوێت کە بەهیچ شێوەیەک فشاری بەرەی پارێزەران لە ژینگەو خوازیارانی دادوەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی لەهەلی بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتیەکان و پەیوەست بوون بە رێ و شوێنی بەکارهێنانێکی عاقڵانی و شایستەی سەرچاوەکانی وزەدا کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت بەرامبەر ویستی تەماعکارانەی کۆمپانیا فرە رەگەزنامەکان، کە هەموو شتێک بە تەرازووی قازانج و زەرەر دەبینن و، ئامادەنین سازش لە سادەترین دەستکەوتیان بکەن و هەر ئەمەش بۆتە مایەی ئەوەی هزرڤانێکی وەک چۆمسکی بە نا ئومێدی سەیری ئاستی بژێوی تەواوی خەڵکی جیهان بکات کە لە سەدەی بیست و یەکدا رەنجی (٨٠٪)ی خەڵکی سەر زەمین بۆ (٢٠٪)ە کەی تر بچێت، واتە رێژەی هەژاری بەرەو زیاد بوون بچێت و سەرمایەی کەمینەکەش پتر کەڵەکەبێت.

چارەسەری دۆخێکی لێک ئاڵاوی ئاڵۆزی بەم شێوەیەی چۆمسکی باسی لێوە دەکات زۆر لەوە گەورەترە کۆنگرەیەکی وەک جۆهانسبیرگ بتوانێت چارەسەری بکات، چونکە واقیعی ئێستای باڵا دەستی وڵاتە پێشکەوتووەکان بەری رەوتێکی دوورودرێژی پڕ لە هەوراز و نشێوو دەرئەنجامی ململانێیەکی مێژووییەو بە ئاسانی بۆ چەند مەرامێکی مرۆیی دەستبەرداری نابن.پێشبینیەکەی چۆمسکیش تارادەیەک لە دیمەنی ژیانی نێو رۆمانەکەی عەزیز نەسین دەچێت کە دەڵێت خەڵکی شارەکەم (١٥) کەسن(١٢) کەسیان لە برسان دەمرن و (٣)یەکەی تریش لە تێربیان تووشی ئێنتەلا بوون و لەوانەیە ئەوانیش بمرن!..